# دەنگ بۆ بێدەنگی حیزبی کوردی

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

ئەگەر حیزبی کوردی ئەیەوێت دەنگ کۆکاتەوە بۆ سەروەربوونی خۆی وەك ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، ئەوە هەرگیز نابێتە دەنگی جددی لە عێراقی ئایندەدا، دەنگی کورد ئەبێت لەم وێسگە گرنگەی خەباتی میللەتەکەماندا دەنگ بێت بۆسەربەخۆیی بریاردان وچارەنووسی نەتەوەو ئازاد بوونی تاکی کوردی لەو کۆیلایەتیەی کە بەعسیزم بەدرێژایی سیوپێج ساڵ و پێشتریش حوکمە یەك لەدوای یەکەکان بەدرێژای سەدەی رابردوو بە ئاگرو ئاسن مامەڵەیان لەگەڵ ئەکردو وەك میوان و کەسی پلەدووسێش لێیان نەئەڕوانی،کاتێ ئەچینە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان ئەبێ ئەوەمان لەیاد بێت ئەم سندوقەونیەتە شۆڤێنیەکانی پشتەوەی ئەتوانێت کام خەیاڵدانی ئێمە راحەت و ئاسودەبکات؟ یان دوودڵ نابین بەرانبەر هەموو ئەو خەونە نەتەوەییانەمان کەدەمێك ساڵە بەڵێنمان پێ ئەدەن و دواجار لەبەردەم کەسی جەللاددا ئەبینەوە بەقوربانی،چیمانکردوە لەئاست سەروەربوونی نەتەوەی کورد لە عێراقدا بە فۆرمێکی قانونی تا دەستورو یاسا بەربگرێت لەوباهۆزە نوێیەی شەقامی عەرەبی لەئاست مافەکانی گەلی کورددا، دەشێت ئەم دەنگدانە باشترین دیکۆمێنت وبەڵگە بێت بۆ دارشتنەوەی عێراقی عەرەبی و پاش ئەم دەنگدانەو هەڵاوێردنی ئیدی نەتوانین قسەیەکی ترمان هەبێت چونکە لەبەر رۆشنایی بریارو راسپاردەکانی ئەم هەڵبژاردنەدا دەستور دائەنرێت وپایەگرنگەکانی دەوڵەتیش تۆکمەئەکرێت و ماڵی عێراقی بە قانونی ئەکرێتەوەوئەو کاتە سەرکردایەتی سیاسی کوردی کاری کردوە بۆ دەست بەسەراگرتنی یەکێك لە پایەگرنگەکانی ئەو دەوڵەتە،ئەبێت بۆچی ئەمجارەش عێراق لە سەرحسابی ناهۆشیاری دەنگی کورد دروست بکرێتەوە،من کاتێ پەرلەمانی لۆکاڵی خۆم هەبێت بەهەموو خەوش و لاوازیەکانیەوە ئەبێت بەچ حەقێك دەنگ بە پەرلەمانێکی عەرەبی بدەم،داخۆ پەرلەمانی کوردستان لە ئاست ئەو هەموو یاسا هەموارکراو و بەندو بریارو راسپاردانەی خۆیدا چی ئەڵێت کاتێك تاکی کوردی وەستاوە لەبەردەم شەقامێکی کزو لاوازی کوردیدا بۆ دەنگ دان یان نەدان؟ شپرزەیی دەنگی کورد لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستاندا بەو شێوە عەفەویە کێ لێی بەرپرسیارە؟ دەشێت ئەم هەڵبژاردنە بۆ من و هەزارانی وەك من ئەزمونێکی نوێ بێت وەلێ هەموو ئەزمونێکی نوێ حیکایەتێکی تراژیدی و تاڵ بەرهەمی هێناوە، حیکایەتی یاریکردن بە دەنگەکانی رابردوو دەنگی پەرلەمان دەنگی شارەوانی دەنگی خوێندکارو قوتابیان کە تەنهاو تەنها بۆ قایمکردنی کورسیەکانی سەرۆکە ئایدۆلۆژیەکانی وولاتی من بووە، بەڵام تۆبڵێی ئەمجارەیان دەنگم بەخەسارەت بچێ وەك دەنگە خۆشخەیاڵەکانی رابردوو، جارێکی تریش ئەڵێم دەنگم ناخەمە سندوقێك کە بۆنی تۆتالیتاریەت و شۆڤێنیزمی لێ دێت و پریەتی لە فێڵەکانی حیزب و شەعوەزەو تاکتیکەکانی دەوڵەت، دەشزانم کەس منەتی پێم نیەو رەنگە لەم کۆمەڵگا کشتوکاڵیەی ئێمەدا دەنگێکی رۆشنبیرو سیاسەتوانێکی بەتوانا بەرانبەر بوەستێت بە سەدان دەنگی نەخوێندەواری بێ پرسیار، هەڵبژاردن لە عێراقی نوێدا پرۆسەیەکی تازەیەو گۆزەیەکە ئاوی خۆش، هەن ئەپرسن ئەو گۆزەیە ئەمجارەش لە سەری کوردا ئەشکێ ؟ پێش ئەوەی کە حیزب بکەوێتە خۆی بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم چین و توێژەکان بە خێڵە کۆچەرەکانیشەوە، وەپێش ئەوەی ئەم دوو سوڵتانەی کورد بارەگاکانیان بکەنە دیوەخانی عەشرەت و تەکیەی شێخ و ماڵی حیزبەئیسلامیەکان، دەبوو بیرمان لە کۆنگرەیەکی میللی بکردبا تا هەڵوێستە نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانمان یەك ئەخست و بەیەکدەنگ بریار لە سەر چارەنوسی ئەم هەرێمە ئازادکراوە هەرەشە لێکراوە بدەین بەکەرکوك وخانەقین و ناوچە تازە رزگارکراوەکانیشەوە کە لە بازنەی دەنگدانی مندانین.